# ئنما

ئازادی بیر
لێکۆڵینەوە
عەقڵانیەت

57 گۆڤــارێکی فیکریی‌و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولــێر دەردەچێت

خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە
سەرنووسەر: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

دەستەی نوسەران
جەمال پیرە مەسعود بابایی
ئاوات ئەحمەد سوڵتان
بەرپرسی کارگێڕی‌و دابەشکردن: ئومێد شێرکۆ مەجروم

بەهاری 2024
ناونیشان: کوردستان-هەولێر
Tel: 0750 4481577. 07504786489

## لەم ژمارەیەدا


*کلاورۆژنە.......................... کورد، نەتەوەیەکی داگیرکراو...................3


### نمای فیکرو فەلسەفە


* ئۆروێل چیمان پێدەڵێت؟...............................ئاوات ئەحمەد سولتان.........7

* مارکس تارمایەك بەسەر دنیاوە...............................توانا ئەحمەد.............32

* قوتابخانە جیاوازەکانی فەلسەفەی تەلارسازی .............ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل......38

* چەردەیەك لە ڕۆمانسیەت‌و دەروونزانی ڕۆمانسی.............د.فەرمان حەسەن..........68

* نۆستالۆژیای داگیرکراوان...................................مەسعود بابایی...........85

*ئایا هایدگەر نازی بوو؟................جۆشوا رۆسمان........و: ئالان عەتوف..........112

* فۆڕم لەناو فەلسەفەی هونەردا........... ئان شپێرد........و:مژدە فەیزی نەسەب.......122


### نمای ئەدەبی


* لەبەرزەخدا................................................فەڕوخ نێعمەتپوور..........142

* خوداو چەپی نوێی " وسام تۆما"...................... دیدار مەسیفی............145

* پێشەنگی مۆدێرنیزم لە نووسینی ڕۆماندا...پیتەر فاکنەر...و: ئاری سوبحی کۆیی......159

* دیدارێك لەگەڵ ڕۆماننووسی کۆڵۆمبی مارکیز........و: عەبدوللا سلێمان"مەشخەڵ"...166

* جیۆڤانی پاسکۆلی شاعیری ئازارەکان.....................ئا: جەمال پیرە............177

* لەبەردەم پەنجەرەیەکدا...........................عەبدوللا سلێمان"مەشخەڵ"......181

* هەڵگری خەسڵەتی (ئینسانی، ژنبوون، جوانناسی)، لە شیعری (شیرین ئەدوێ)ی ڕێبواردا
.........................................................ئەنوەر حوسێن"بازگر".........184


### نسێی نما


* تێڕوانینێکی کورت بۆ کتێبی "ژیان‌و خەباتی د.ئەرسەلان بایز لە چاوپێکەوتنێکی مێژووییدا"
.........................................................مەلا ڕێباز چەمچەماڵی.........189


جگە لەکلاوڕۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن

هەر بابەتێک لەسەر داوای گۆڤاری نما نەبێت، بلاّوناکرێتەوە

# لە بەرزەخدا



فەڕۆخ نێعمەتپوور

لەسەردەمێکدا دەژین کە تێیدا هەموو هاوارمانە. هەر لە دەوڵەمەندەوە بگرە هەتا هەژار دەڵێی وەك یەك گلەیی لە رۆژگار دەکەن. ئاغاو سەپان وەك یەك هەست بە نامۆییو غەمگینی دەکەن. وا دەنوێنێ کە خاوەن دەسەڵاتو بێدەسەڵات لە ئاست رووداوەکاندا وەك یەك هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەن! دەڵێی چیتر شادی نەماوەو ئەوەی هەیە نەهامەتیو بەدبەختیە کە بەرۆکی بە تاك بە تاکی مرۆڤەکان گرتووە.

دەستنیشانکردنی هۆکار یاخود هۆکارەکانی ئەم دۆخەیش زۆر دژوار نیە. هەر ئەوەندەی کەمێك چاو هەڵبێنین‌و لە دەورووبەری خۆمان بڕوانین زۆر شتی ناحەزو ناڕەوا هەیە کە ئازارمان دەدا. چاومان لە گرانییە، لە بێکاری، لە شەڕ، لە داڕمانی بەها ئەخلاقییەکان، لە دەستەڵاتدارێك کە هەموو شتێك دەکات جگە لە دەستەڵاتداری، لە دەستەڵاتدارێك کە دەڵێی دەستەڵات لەدەستی ئەویشدا نیە، لە ترازانی مرۆڤەکان لەیەکتری‌و نەمانی پێوەندییەکان، لە دەستەڵاتی ماددەو پارە بەسەر کرداری مرۆڤەکانەوە، لە من من‌و بزربوونی تۆ و ...

لە لێکدانەوەو شرۆڤەی وەها سەردەمێکدا، ئەوەی کە بۆچی وەهامان لێ بەسەرهاتووە، قسەو باس زۆرە. یەك هۆکاری ئەمە بە جیهانی بوونی نەزمی سەرمایە لە قاڵبی نیولیبرالیزم دەزانێ، نەزمێك کە تێیدا پارە زاڵەو بەرژەوەندی بووەتە بەهای سەرەکی بۆ مرۆڤ. ئەوی دی هۆکار بۆ پۆستمۆدێرنیزم دەگێڕێتەوە. پۆستمۆدێرنیزمێك کە بەزاڵکردنی ڕێژەگەرایی‌و نکۆڵی کردن لە حەقیقەتی ڕەها، ڕێگای بۆ پشێوی و جۆرێك لە ئانارشی مانا کردووەتەوە. ڕەنگبێ ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە وەك نیچە دەیگوت خودا تێیدا مردووەو وەك دۆستۆفیسکی هوشداری دەدا بە هۆی مردنی خواوە هەموو شتێ ڕەوا بووە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە مانایەکی سەمبولیکدا خوا (واتە چەمکی کۆکرەوە) مردووە. چیتر هیچ ئۆتۆریتەیەکی ناوەندی نەماوە بتوانێ مرۆڤەکان لە مانای کۆنی خۆیدا بە دەوری یەکترەوە کۆبکاتەوە. مرۆڤ بە گشتی نەیتوانیوە لە جیاتی خواو بەهاکانی کۆن، خوای تازەو بەهای تازە بخولقێنێ بەشێوەیەك کە بتوانێ بەسەر ئەو قەیرانەی وا بەسەریدا هاتووە، زاڵ بێ. هەڵبەت مەبەست ئەوە نیە کە لە هەمان قاڵبی کۆندا، خواو بەهاکان بخولقێنینەوە. نا، ڕەنگە چیتر ئەو دەرفەتە نەمابێ‌و مرۆڤ پێویستی بەوە نەبێ کە وەك کۆن بژی. ڕاستییەکەی ئەوەیە بەهۆی سەرهەڵدانی مانای تاك‌و چالاکبوونەوەی زۆر دەستەو گروپ ئیتر توانای ئەوە نەماوە هەموو وەك یەك بن. پێویستیش نیە وەك یەك بین. ئەوەی مرۆڤ پێویستیەتی پەیداکردنی سیستمێکە کە بتوانێ تێیدا هەموو ئەم پلۆرالیزمو فرەییە پێکەوە بحەوێنەوە. سیستمێك هەموو تێیدا بەشێوەیەکی گونجاو بژین. بەڵام هەیهۆ تا ئەو کاتە! ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم قەیرانەی وا مرۆڤی سەردەم تێی کەوتووە، قۆناغی ڕاگوزەرەو پێویستیی پەڕینەوەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر. قۆناغێکی ڕاگوزار کە تێیدا چیتر ناتوانین وەك ڕابردوو بژین‌و لەهەمان

کاتدا هێشتا چۆنیەتیی قۆناغی نویٚ خۆی نەخەملاندووەو خۆی دانەڕشتووە. قۆناغێکی بەرزەخ ئاسا کە نە جەهەننەمەو نە بەهەشت! رەنگە وێنای ئێمە سەبارەت بە جەهەننەمو بەهەشتیش وێنایەکی کۆن بێتو چیتر مرۆڤی ئەم سەردەمە پێویستی بەوەها چەمکگەلێك بۆ پێناسەکردنو وەسفی ژیانی خۆی نەبێ. بەلاٚم داخۆ ئەو چەمکە جێگرەوانە چین؟ کامە وشەو دەستەواژەن وا دەتوانن گوزارشت لە داهاتووی ئێمە بکەن؟

وەلاٚم گەلێك دژوارە. رەنگە دۆزینەوەی وەلاٚمیش بەگوێرەی نەریتێکی مارکسی کە لە چاوەڕوانی رووداوە بەرهەستییەکان دەمایەوە، دەبێ لەوەها لۆژیکێکدا خۆی بخەملێنێ. بە واتایەکی دیکە، ژیان دەبێ خۆی ئامرازو پێویستییەکانی وەها تیۆرێکی نوێو نیگایەکی نوێ فەراهەم بکاو ئەوجا مرۆڤیش بتوانێ لە قەوارەی تیۆرو بیردا دایبرێژێتەوە.

"راینر ماریا ریلکە" شاعیری ئالمانی لەیەکێك لەو نامانەی وا بۆ شاعیرێکی گەنجی نووسیووە، دەلێ ئەگەر ژیانی رۆژانە لەبەر چاوتدا سووك دەنوێنێ، تۆمەتی ئاراستە مەکە، چونکە تۆمەتەکە لەڕاستیدا ئاراستەکەی بەرەو خۆتە لەبەر ئەوەی ئەوەندە شاعیر نیت تا جوانیو شکۆی ژیان ببینی!

ریلکە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا ژیا. ئەو شەڕەی کە بووە هۆی سەرهەلدانی بۆ وێنە هونەری دادائیزم کە کاردانەوەیەك بوو لەبەرامبەر شەڕو وێرانکارییەکانیدا. هونەرێك کە دژی هەموو شتێك بووەو پەیڕەوی لە نکۆلێکردن negation دەکرد. هەلبەت رەنگە هەمووومان نەتوانین شاعیر بین، بۆ ئەوەی بتوانین بە جۆرێك جوانیو شکۆی جیهانیش ببینین. بەلاٚم گەر دەمانەوێ بژین، گەر بە گوێرەی یاسایەکی سروشتی ملکەجی ژیانو بەردەوامبوونین تێیدا، ئەوا ناچارین جوانیو شکۆکەیشی ببینین. مرۆڤ ناتوانێ بەبێ جۆرێك لە باوەڕمەندی بە جوانیو هەبوونی ئومێد لە ناخۆشترین ساتەکانیشدا بژی. بۆیە لێرەوە دەتوانین هەمووومان بەجۆرێك شاعیر بین. بێگومان ژیان خۆی لەخۆیدا، بەبێ وردبوونەوەو رۆچوون لە دیاردە وردەکاندا، جوانیو شکۆیەکی مەزنە. ژیان ئەوەندە دێنێ کە بۆی ببینە شاعیرو لەپێناویدا بژین. مرۆڤی ئەم سەردەمە پێویستی بە رۆحێکی دادائیستیو ریلکەییە. دادائیستی بۆ رەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی وا ئەم جۆرە سەردەمەیان خولقاندووەو ریلکەیی بۆ ئەوەی لەناو ئەم شتانەیش دا ئەو جوانیو شکۆ شاردراوەیەیش ببینین کە وا بۆ بەردەوامی پێویستمانە.